دەرکردنی پاسپۆرتی عێراقی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان





سەرچاوەی میدیاییەکانی ئێران باس لەوە دەکردنی پاسپۆرتی عێراقی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.

ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێرانی ئاشکرای کرد کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بڕگەنامەیەکی سەفەر و پاسپۆرتی عێراقییان بۆ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات دەرکردووە، ئاژانسی تەسنیمی ئێرانی لە زاری سەرچاوەی عێراقییەکانەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو بڕگەنامەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئاوکراوتەوە بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ جووڵەی سەرکەی پارتی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان، مستەفا هیجری کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە داواکراوە.

ئاژانسە ئێرانیەکە هەروەها دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی لە هەرێمی هەولێر تۆمەتبار کرد بە حەوانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی کورد و جەختیشی کردەوە لەوەی کە دەرکردنی دۆکیومێنت و بڕگەنامەی عێراقی بۆ کەسایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران پێشێلکارییەکی ڕوون وئاشکرای دەستووری عێراقە، ئەمەی خوارەوە چەند وێنەیەکی پاسپۆرتکۆپیە کە ئاژانسی موتەعە دەستی کەوتووە.